سەرۆک وەزیران جەخت دەکاتەوە لەسەر گونجاندنی پێژەکانی بەغداد لەگەڵ بەرنامەی حکومەت

سەرۆک وەزیران محمد شیاع سودانی جەختیکردەوە لەسەرگونجاندنی پێژەکانی شاری بەغداد لەگەڵ ڕەوشی گشتی بەرنامەحکومەتدا.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- سەرۆک وەزیران محمد شیاع سودانی ئەمڕۆ پێشوازیکرد لە پارێزگاری نوێی بەغداد عەبدولموتەللیب عەلی عەلەوی .

لەدیدارەکەدا سودانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی پارێزگاری نوێی بەغدای کرد وجەختیکردەوەلەسەر گرنگی بەرپرسیارێتی هەرکەسێک کەئێم ئەرکە دەگرنە ئەستۆ.

سەرۆک وەزیران جەختیکردەوەلەسەرئەوەی کەپێوستە پێژەکانی شاری بەغداد لەگەڵ بەرنامەحکومیەکەدا گونجاوبن و خزمەتگوزاریەکانی تیادا ڕەچاوبکرێت و بەتایبەتی چەندین پێژەی ژێرخان لە بەغدادا ئەنجام دەدرێت.

هەروەها وتی پێویستە بەشێوەیەکی تەواوکاری بە یەکدی لە دامودەزگاو فەرمانگەکانی حکومەت و وەزارەت و ئەمیندارێتی بەغداد کارەکان ڕاییبکرێن .